# ڕزگاری بەخش لە هەزارەی سێیەمدا

## – جۆرج بۆش و کورد –

ڕزگار عومەر
rezgar@dengekan.com

وەکو هەموو شوێنەکانی تری دونیا ، لە کوردستانیش سەرۆکی ئەمریکا ناسراوە . لە دوا هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا ، لەژێر کاریگەری میدیای ڕەسمی و لە پاڵ چەندین فاکتەری تر ، بە پێچەوانەی بەشی زۆری دونیا خەڵکی کورد حەزی دەکرد جۆرج بۆش بیباتەوە .خەڵکی لەزمانی میدیای یەکێتی وپارتی ، بە سوود بینین لەو تێگەیشتنانەی تائێستاش ڕەواجی هەیە لەوباوەڕەن کە بوونی جۆرج بۆش خزمەت بە کێشەی کورد دەکات .




نوسخەیەك لە جۆرج بۆش هەیە لە کوردستان تەواو پێچەوانەی ئەو تێگەیشتنانەیە کە لە زۆربەی شوێنەکانی دونیا بە ئەمریکاو ڕۆژئاواشەوە ، لە سەر هەمان سەرۆك هەیە . بەشی زۆری خەڵکی کوردستان لەو بوارەدا بە جیاوازیەکی گەورە لە گەڵ دونیا مامەڵە لە گەڵ ئەم بابەتە دەکەن ، مامەڵەیەکی جیاواز تا ئەو ئاستەی کە وای کردووە وێنەیەکی غەریب و شیرین لە سەر ئەم سەرۆکە ڕەواج پێ بدرێ ، کە نەك تەنیا لە ئاستی دۆستی ئەو گەلە سەیر بکرێ ، بەڵکو ڕۆڵی " فریادڕەس " " المنقذ " ڕزگارییەخش ی پێ بدرێ .

دواترین هانا بردن بۆ ئەم سەرۆکە وەکو فریادڕەسێك ، مەهاباد قەرەداغی لە نووسینی نامەیەکی کراوەدا دووبارەی کردووە ، لەو نامەیە مەهاباد خان داوای لێ دەکا فریای لابردنی زوڵمێك بکەوێ کە لە پێك هێنانی حکومەتی تازەی کوردستان لە ژنانی کورد کراوە .ئەمەی مەهاباد خان چۆن بەم ئەنجامە گەیشت و هانا بۆ جۆرج بۆش ببا ، بابەتێکە هەر لەم نووسینە بە درێژی دێمەوە سەری .

قسە کردن لە سەر دیاردەی جۆرج بۆش ، یان لە دیاردەی بە ڕەسمی ناسینی ڕزگارییەخشێك بۆ ئامانجە سیاسیەکان لە بیرکردنەوەو عەقڵی سیاسی کورد ، لە نامەکەی مەهاباد خانەوە دەست پێ ناکا . مێژووی ئەم جۆرە لە بیرکردنەوەو هەڵوێست و سیاسەت کردن ، ڕەگێکی قوڵی لە لاوازیەکانی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردەوە هەیە .

لەبەر زۆر هۆ ئەم ناسیۆنالیزمە لە باری بینا کردنی شەخسیەتی بزوتنەوەیەکی سیاسی بۆ پرۆژەکانی ، بەشێك لە پەناو ئیعتیمادی لە سەر لایەنە دەرەکیەکان بووە ، بەتایبەتی لەسەر نوخبەی سەرەووە

کەسایەتیە خاوەن ئۆتوریتە بێ سنوورەکانی حکومەت و دەسەڵاتەکانی ئەم لایانەنە بووە ، بۆ ئەم مەبەستەش هەندێ جار لەسەر موراهەناتی سیاسەتی دەولی ، هەندێ جار گەمە کردن لە نێو ناکۆکیە ئیقلیمیەکان بووە بە میدانی داهێنانی ئەم میتۆدە لاوازە ، کە دەشلێم پەناو ئیعتیماد مەبەستم باری لۆجستی نیە ، بەڵکو مەبەستم گەڕانە بە دوای خودێکی بەهێزە ، لە دەرەوەی وجودی کۆمەڵایەتی وسیاسی ئەو میلەتەی کە بڕیار بووە ئەم ناسیۆنالیزمە خۆماڵیە ، نوێنەرایەتی یۆتۆپیاکانی بکا .

نامەکەی مەهاباد خان یەکەمین بەروبومی ئەم بیرکردنەوەیە نییە ، بەڵکو تازەترین بەروبوم و بەشی هەرە لاوازی ئەم بیر کردنەوەیە لەسەر ئاستی ئەزمونی پڕ لە ئیشکال ی تاکێکی کورد نیشان دەدا . ئەوەی کە جۆرج بۆش لەزۆر شوێنی دونیا وەکو هتلەر پێناسە دەکرێ و لە کوردستانیش وەکو فریشتەی دیموکراسی پێناسە دەکرێ ئیشکالێکی گەورەیە ، نامەکەی مەهاباد دروستی نەکردووە ، بەڵکو ئەو نامەیە هەلێکی دروست کرد دەرگا لەم گرفتە بکەینەوە و لە دەوری قەبارەی سەرەکی ئەم قەیرانە پرسیار بکەین و لێ وورد ببینەوە .

لە مێژووی کوردا ، زۆر قۆناغ هەیە ئەوە هەڵدەگرێ خوێنەر بە مەبەستی ئاشنابوون بە گرفتی گەڕان بە دوای ڕزگاریبەخشێك لە بیر کردنەوەی سیاسیدا لاپەڕەکانی بەسەر کاتەوە ، دەکرێ لە نیازو چاوەڕوانی نامەی سەرکردەکانی کورد بۆ سەرۆکی وولاتە زلهێزو ئیقلیمیەکان نوتفەی ئەم بیرکردنەوەیە لە ساڵی 1916 تا ساڵی1983 زۆر دۆکیومێنت بخینە سەر مێزی لێکۆڵینەوە ، دەکرێ لە دەرەوەی ئەم مێژووو دەسەڵات و سەرکردەکانی ، لە نێو سەرخانی زمان و ئەدەب و هونەردا زۆر شت بە هەمان بابەت گرێ بدەین ، دەتوانین لە نووسینی شیعری بۆ " لینین ی مەزن " نوتفەی خۆ دۆزینەوە لە کەسێکی بە هێزو دەسەڵاتێکی یەقین ، ئیشکالی گەڕان بە دوای ڕزگاریبەخش لە بیرکردنەوەی ناسکترین شاعیری کورد مامۆستا " گۆران " بە دی بکەین ، من لێرە لە نزکترین ڕووداوەکانی مێژووی بەردەستمانەوە دەست پێ دەکەم ، من لە دوای ڕاپەڕین و ئاوارەبوونی ساڵی 1991 وە دەست پێ دەکەم .

لە ئاوارە بوونی ساڵی 1991 دا ، ژیان لە بارودۆخی تێکشکان لە بەرامبەر تۆڵە خوازی سوپایەکی فاشی ، لە باری عەمەلیەوە دابەش بوو بۆ دوو دەربیجە . دەربیجەیەك کە لەو دیوی سنورەوە لە کەمپی دەوارنشین و هەڵدانی نان لەسەر لۆریەکانەوە لە کوشتن دووری دەخاتەوە ، دەربیجەیەکی تر کە نیشتمان و شارو ماڵی خۆیەتی لەبەرامبەر سوپایەکی پڕ چەك ، لە بەرامبەر ئەو مەرگەی هاتنی ئەو سوپایە لە گەڵ خۆی دەیهێنێ ، ناچارە وەکو ئینسانێکی واقیعی پشتی تێ بکاو لە بەینی مەرگ و ژیان ، ژیان ی بەرباران و دەوارنشین هەڵبژێرێ .

سەر لەنوێ قسە کردنەوە لەسەر ئەم ئیختیارەی ئەوسا ، لە خوێندنەوەی یەکەمدا وەکو گێڕانەوەی ڕۆژ ژمێرێکی سادەی ئاوارەبوون و ڕووداوەکانی ساڵی 1991 دێتە بەرچاو ، بەڵام بە وورد بوونەوە لە مانا کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژیەکانی ، لە کاریگەری ئەو مانایانە لە شکڵ پێدانی عەقڵی سیاسیدا ، دەورەیەکی تر لە بەستنەوەی تاکی کورد بە دەرەوەی ژیان و ماڵ و حاڵی خۆی تازە کردەوە . لە ئان و ساتی ئاوارە

بوون بەدەر لە هەموو تەفسیلاتێکی گرنگی واقیعی ، چەمکی گەڕان بە دوای " دڵنیایی " لە هەر کوێیەك بێ لەهەر دەستێك و نیزام حکومەتێك و سنوورێك بێ ، بە بێ هیچ حازر کردنێك و کەمپینێکی ئایدەلۆژی یان حیزبایەتی ، بە ناچاریەکی مێژوویی ، دەبێتە هەڵوێستی خۆ بەخۆیی و گشتی میلەتێك .

ئەڵقەی دووەمی جێگیر کردنی ئەم بیرکردنەوەیە ، ئەوەی کە " دڵنیایی " لە دەرەوەی ژیان و پێکهاتەو ئامادەیەکانی ئەو میلەتە دەست دەکەوێ ، دانانی هێڵی 36 بوو لە ڕێگای بڕیارە نێو دەوڵەتیەکانەوە ، کە ڕێگا نادا فڕۆکە جەنگیەکانی سوپای عێراقی بە سەر ئاسمانی کوردستاندا بفڕن . ئەم بڕیارە لە پاڵ سەر لەنوێ وەستانەوەو خۆپیشاندانی جەماوەری و فشار دانان لە سەر حکومەت و سوپای بەعس ، پاش گەڕانەوەی بەشی زۆر خەڵك بۆ نێو شارەکان ، بەردێکی تری خستە سەر بینا کردنەوەی بیری دەست کەوتنی ڕزگاریبەخشێك کە بە دەسەلاتی زیاترو تەکنەلۆژیای مۆدێرنیتر لە سوپای عێراقی ، فریامان دەکەوێ .

فڕۆکە جەنگیەکانی ئەمریکاو بەریتانیا لە بنکەی سەربازی " ئەنجەرلیك " لەتورکیا جێگیر بوون ، ئەوان لەوێ بێجگە لە ئامانجە ڕۆتینەکانی خۆیان ئەرکی جێ بەجێ کردنی بڕیاری خەتی 36 یان لە ئەستۆ گربوو . هەڵفڕینی ئەم فڕۆکانە بە سەر ئاسمانی کوردستانا ، ئەم هەستەی بەرهەم هێنا ، بە پێچەوانەی ئاوارەبوونەکە ، مەرج نیە بۆ دەست کەوتنی دڵنیایی ناچارین کۆچ بکەین ، بەڵکو خۆمان لە ڕیز بەستنی سیاسی بەرژەوەندە جیهانیەکان یان لۆکەڵیەکان دەرزی وا بدۆزینەوە ، کە باروودۆخێك فەراهەم بێ ، ئێمە لە ماڵ و نیشتمانی خۆمان نەچینە دەرەوە ، بەڵکو فریادڕەس لە ئاسمان و لە ڕادارەکانەوە چاوێکی لێمانبێ !



ئەم هەستە ببوە ڕێگاچارەیەك کە هەڵەیە تەنیا ببەستینەوە بە سیاسەتی حیزبە کوردیەکان ، بەڵکو هەستێکی گشتی و جەماوەری بووە . دوژمنە لۆکەڵیەکانی ئەندێشەو خەونەکانی کورد لە ناوچەکە ، بۆنموونە حکومەتی تورکیا ئیشی سیاسی و سایکۆلۆژیان لەسەر ئەم هەستە جەماوەریە دەکرد . ئەوان هەموو ساڵێك کە کاتی تازە کردنەوە عەقدی بنکە " ئەنجەرلیك " دەهاتە پێشەوە ، هەلایەکی گەورەیان دروست دەکرد و دەیانووت تازەی ناکەینەوە !

ئەم ئیش کردنەی تورکیاو دەوڵەتانی تر لە دەیەی نەوەدەکاندا وای کرد لەتەنیشت خەیاڵی سەوزی بوونی "ڕزگاریبەخشێك " بمانپارێزێ ، بە هەمان ئەندازە فۆبیایەکی تۆقێنەر لە هەستماندا هەبێ ، بۆ حاڵەت و سیناریۆکانی لە دەست چوونی ڕزگاریبەخش . بۆیە بۆ تازە کردنەوەی عەقدی ئەنجەرلیك خەڵك تا عەقدەکە تازە دەکرایەوە دەستی لەسەر دڵی بوو ، چونکە هیچ ئەلتارناتیوێکی لە دەست نەبوو کە جێگۆرکی بەم ڕزگاریبەخشە بکات و دڵنیایی پێ بدا . کە عەقدەکەش تازە دەکرایەوە مانشێتی ڕۆژنامە

کوردیەکان و سەردێری هەواڵەکانی ڕادیۆ تیڤیە کوردیەکان ئەم هەواڵەی بە تام و بۆی موژدە عەترباران دەکرد .
پێش دەست پێ کردنی شەڕ لە ساڵی 2003دا ، کەمایەتیەکی کەم نەبێ ، دەنا لە ئاستی جماوەری و ئەندامانی حیزبە کوردیەکاندا کەس نەبوو زۆر یان کەم ئیعتیبارێك دابنێ ، یان بەلای کەم ئاشنایەتیەکی بە بزوتنەوەی دژی شەڕ هەبووبێ کە هەموو دونیای گرتەوە . چونکە حیزبە سیاسیەکان و جەماوەری پان و بەرین ئەم هەلەی بۆ دروست بوو ، کە رووخانی زاڵمە لۆکەڵیەکەی ڕژێمی بەعس و سەدام بە چاوی خۆی ببینێ ، جا کێ دەیکاو بە چ ئامانجێك دەیکا هیچ گرنگی نەبوو .
ئەم ناچاربوونە لە هەڵبژاردن و هەڵوێست ، لە بیرکردنەوەی عەقڵ و میزاجی سیاسی کوردیدا ، کوردی فێری ئۆپۆرتۆنیزمێکی درەنگ وەخت کرد ، کە دەشڵێم کورد تەعمیم ی ناکەم بەسەر گشتدا ، بەڵکو مەبەستم ئەوبیرکردنەوە سیاسیەی ناسیۆنالیزمی کوردە ، کە پارتی دەسەلاتدار میلەتێك بە دوای پرۆژایەك ڕادەکێشێ ، کە پرۆژەی ئەو نیە ، بەدوای ئایندەیەك ڕادەکێشێ کە ئایندەی خوازراوی یۆتۆبیاکانی ئەو میللەتە نیە ، گەڕانەوە بۆ باوەشی عێراق قەت خواستێکی جەماوەری نەبووە ، بەلام ئەم ئۆپۆرتۆنیزمە لە هەڵوێستی سیاسی کوردا تا ئەمرۆش درێژە بە شەریك بوون دەدا لە پرۆژەیەك کە تەنانەت خودی خاوەن پرۆژەکە " ئەمریکا " لای روون نیە چۆن کۆتایی پێبێنێ ، ئۆپۆرتۆنییزمێکی کورت بین ، کەهیچ خوێندنەوەیەکی تر قبوڵ ناکا ، کە تاسەر ئێسقان ناتەبایە لە گەڵ هەموو ئینتیباعە جیهانیانەی کە لە سەر ئەمریکا هەیە لە هەزارەی سێیەمدا .
ئەم واقیعە وای کرد چاوپۆشینێکی گەورە لە ماهیەت و تایبەتمەندیەکانی شەخسیەتی سیاسی ڕزگاریبەخش ببێتە ئاکارێکی سەرەکی هەڵوێست و هەڵسەنگاندنی کورد بۆ ئەمریکا ، بۆسوپای ئەمریکا و سەرۆکەکانی وەکو " جۆرج بۆش ی باوك ، کلینتۆن ، جۆرج دبلیو بۆش " . ئەم چاوپۆشینە لە ساڵی 2003 وە بێ سنوور قوڵ بۆتەوە بە موقارەنە کردن لە گەڵ ساڵی 1991دا .ئەم چاوپۆشینە تەنیا حیزبە کوردیەکانی نەگرتەوە ، بەڵکو بوو بە عادەت ، لە نێو توێژێکی بەرچاو لە کەسایەتیە ڕۆشنبیرو نووسەرەکان ، کە نەك تەنیا چاوپۆشین لە ماهیەتی حەقیقی ڕزگاریبەخش ی وەکو سوپای ئەمریکا و " جۆرج بۆش " ی گرتەوە ، بەڵکو هەموو ئەو هەڵوێستانەشی گرتەوە ، کە چاوپۆشین بوو ، کە هەڵبژاردنی بێ دەنگی بوو (( بێ دەنگیەکی تاسەر ، یان کاتی )) لە بەرامبەر دەسەلاتە لۆکەڵیەکە ، کە ئەم هەڵوێستانە ئەم کەسایەتیانەی لە جەماوەرو لە حەقیقەت دوورخستەوە ، بەلام وەکو پلیکانێکی سیحری ئەو کەسایەتیانەی بۆ پۆستەکانی دەسەلات و دەوروبەری دەسەلات بەرز کردەوە .
ئەم چاو پۆشینە لە باری سیاسیەوە ، ڕەنگە مێژوویەکی درێژتری هەبێ ، بەلام من لە نزیکترین دۆکیومێنتەوە دەست پێ دەکەم ، لە نامەی هاوبەشی هەردوو سەرکردەی کوردەوە دەست پێ دەکەم ، کە لە ناوەڕاستی ساڵی 2004 وەکو نامەیەکی کراوە بۆ سەرۆکی ئەمریکا بلاویان کردەوە ، کە نامەکە تایبەتە بە

ئیهمال کردنی رۆڵی کورد وچاوەڕوانیەکانی لە تەشکیل پێدانی حکومەتی نوێ ی عێراقی لەو سەردەمەدا ، لەو نامەیە سەرکردەکانمان نووسیویانە :-

(( حکومەتی ئەمریکا و ئیدارەی کاتی هاوپەیمانان زۆر کەم ناوی کوردستان یان ناوی گەلی کورد دەهێنن . بەڵام ، ئێمە وەکو دۆستی دڵسۆز بۆ ئەمریکا دەمێنینەوە ، تەنانەت ئەگەر ئەمریکا بە هەمان شێوە وەڵاممان نەداتەوە ، چارەنووسی ئێمە بە توندی بە دوا ڕۆژی ئێوە لە عێراقدا بەستراوەتەوە ))

– هێڵی تەئکید هی منە –

ئەم جۆرە لە گفتوگۆ و نامە نووسین ، ئەم جۆرە لە خۆشەویستی پاکیزەیی ، بۆ داستانی شیرین و فەرهاد ، بۆ وەلی دێوانەو شەم دەست دەدا ، بەڵام قەت ناتوانێ دەقێکی سیاسی پتەو بێ کە لەم دەقە دۆستایەتی دوو میلەت و دوو وولاتی جیاواز کۆببێتەوە .لەم دەقە لاوازە لایەنێکیان ئامادەیی نیشان دەدا کە هەموو شتەکانی بەرامبەر قبوڵ بکا ، پێش وەختیش دڵ فراوانیەکی گەورە نیشان دەدا ، لە بەرامبەر هەڵس و کەوتی نادۆستانەی بەرامبەر ئەگەر لە دوا ڕۆژدا ڕوویدا .ئەم تەوازوعە دەستکردە ، زۆر مانا لە پشتیەوە خۆی مات داوە ، بەڵام لە گۆشەیەکی سەرەکیدا ئەنجامی بە ڕەسمی زانینی یەك مانایە ، مانایەك کە دان بە هێزو دەسەڵاتی بەرامبەر دادەنێ و پشت لە ئیرادەو لە هەموو حەقیقەتێکی تر دەکا ، ئەم پشت تێکردنە لە باری عەمەلیەوە باری قورسی هاوکێشە سیاسیەکان و فەرزی دەکا ، لە باری تیۆریەوەش تێکەڵێکە لە دوو پێکهێنەر ،

یەکەمیان کۆی دەرسەکانی دیپلۆماسەیەتی ( بێ کەسی ) و بێ( دۆستی تا سەر ) لە مێژوویی ناسیۆنالیزمی کورد هەمیشە دێتە نێو ئەم تیۆرەوە .

دووەمیان بە هۆی ڕزگار نەبوونی ناسۆنالیزمی کورد لە جیهان بینی کۆمەلایەتی و شێوەی پاتریارکی ، هێشتا یەکەکانی بەرزو نزمی ئیرادەکان و دەسەڵاتەکان و هێزەکان ، هەروەکو سەردەمە هەرە دێرینەکانی خوایە بە هێزەکان و رەعیەتە بێ هێزەکان ، کڕنووش بردنی ئیرادە بۆ دەسەڵات ، ترس لە شکانی فەرمانی بەرامبەر ، بە بێ هیچ دەقی نووسراو خۆی دەخاتە نێو مانا پەنهانەکانی ئەم تیۆرەوە . هەموو دەقە کۆنەکانی بەر لە زاین ، هەموو جیهان بینیەکی بەر لە پەیدا بوونی زانست ، داماویەکی گەورەی مرۆڤ نیشان دەدا بەرامبەر ئەو هێزانەی گەورەن و کۆنترۆڵی ژیان دەکەن ، هەمیشە لەم دەقانە مرۆڤ نایەوێ دڵی خوا بڕەنجێ بەر غەزەبی بکەوێ ، پەیوەندی ئەم مێژووە دێرینە بە ئەمڕۆی عەقڵی سیاسی کوردەوە بریتیە لە وابەستە بوونێکی قووڵ بە کۆدەکانی داماوی لە بەرامبەر زلهێزە دەولیەکان و پرۆژەکانیان .

لەبەرامبەر ئەم وەزعەی کورد و بزوتنەوە ناسیۆنالیستیەکەی ، جۆرج بۆش ی سەرۆکی ئەمریکاش دەبێتە تەواو کەری ئەم پەیوەندیە نێوان میلەتی بێ کەس و ڕزگارییەخش ، چونکە ئەمیش لە دوو دەورەی سەرۆکایەتی ، بەشێك لە پێکهاتەی خیتابە سیاسیەکەی بە کارهێنانی هەمان ئەو کۆدانە بووە کە ئەو دەکا بە فریادرەس و ڕزگاری بەخش بۆ گەلانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ، جۆرج بۆش پێش دەست کردنی شەڕ لە ساڵی 2003 خەونێك ئەبینێ ، ئەم خەونە لە میدیاشدا بلاو دەبێتەوە ، کورتەی ئەم خەونە ئەوەیە کە

مەسیح تەکلیف لە جۆرج بۆش دەکا بچێ گەلانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لە زولم زۆر نەجات بدا و شەڕ بۆ رووخاندنی زالمەکان لەوێ بەرپا بکا . ئەم مۆڵەت وەرگرتنە ڕۆحیەو جێ بەجێ کردنی ، بەسوپایەکی بە هێزو ئابوریەك بۆجەنگ ، میدیایەکی بەهێزی چەواشەکار مەیسەر دەبێ .

پەرەگرافێکی تری ئەم نامەیەی هەردوو سەرۆك ، هاوجووتە لە گەڵ تێگەیشتنێکی تر ، کە مەهاباد خانیش بە تەعبیرتر ، لە دوا ڕوون کردنەوەی خۆیدا گوزارش لە هەمان تێگەیشتن دەکا ، لە پەرەەگرافێکی نامەی هەردوو سەرۆکماندا هاتووە :–

(( گەلی کوردستان بەردەوامە لە باوەش کردنەوە بۆ بەها پیرۆزەکانی ئەمریکا ، بەردەوامە لە بەخێرهاتنی سەربازانی ئەمریکا ، بەردەوامە لە سەپۆرتی بێسنوور بۆ پلانەکانتان بۆ ئازاد کردنی عێراق ))

مەهاباد خانیش لە وەڵامی ئەو ڕەخنانەی لە نامەکەی ئەو نووسرا کە بۆجۆرج بۆشی ناردبوو ، ڕوون کردنەوەیەکی دژ بە ڕەخنەگران نووسی لە پەرەگرافێکی ئەم ڕوون کردنەوەیە دەڵێ :–

(( سوورم لەسەر ئەوەی دەبێت بۆ بە دەستهێنانی مافەکانی ئافرەتانی کوردستان ، میتۆدە مرۆییە جۆراو جۆرەکان بەکاربهێنین و کۆمەك و یارمەتیش لە دونیاوە وەربگرین ))




ئەم بەهاو میتۆدەی ئەم نامانە باسی لێوە دەکەن ، ئەم ڕزگارییەخشەی ئەم نامانە باسی لێوە دەکەن ناکۆکی قوڵی هەیە لە گەڵ ئەو ڕاستیە تاڵانەی کە تائێستا ڕێبەرایەتی سیاسی کورد و خەڵکی کوردستان لە بەرامبەریدا بێ دەنگن ، یان نایخەنە حیسابات و خوێندنەوەی تر بۆ ئەمریکا و جۆرج بۆش .

بەهاکانی سوپای ئەمریکا لە ئەشکەنجە دان و پێشێل کردن و ئەتك کردنی سێکسیانەو ڕۆحیانەی زیندانیەکانی " ئەبوو غەرێب " بوو بە فەزیحەیەکی گەورەی جیهانی ، لە ئەمریکاو لە ڕۆژئاوا چەندین کتێبی لەسەر دەرچوو ، فەزیحەیەك کە ئەو ئافرەتە سەربازەی ئەمریکا کە ناوی Sabrina Harman لەو وێنەیەی کە پەتی لەملی زیندانیەکی عێراقی کردووە و بە دوای خۆیدا ڕایدەکێشێ ، لە چاوپێکەوتنێك لە گەڵ ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆست ڕایگەیاند :– کە ئەوەی کردوویانە لە ئەبووغەرێب جێبەجێ کردنی فەرمانەکانی سوپا بوو کە داوایان لێ کردبوون ئەو زیندانە بکەن بە جەهەنەم بۆ ئەوەی زیندانیەکان ئیعتیراف بکەن .

ئەو میتۆدە مرۆیانەی مەهاباد خان بە تەمایە لە حکومەتی ئەمریکا دەستی کەوێ وبەکاری بێنێ بۆ زەمانەت کردنی مافی ئافرەتانی کورد لە چاو ئامارە پێچەوانەکانی دەوڵەتی ئەمریکا ناکۆکیەکی زۆر قوڵی ئەم بۆچوونە دەردەخا کە مەهاباد و ئەم عەقڵە سیاسیەی کورد تێی کەوتووە ،لە ساڵی 1980 وە تاسالی

2006 ڕێژەی ئافرەت لە زیندانەکانی ئەمریکادا لە 400 % زیادی کردووە کە ئەم ڕێژەیە دووقاتی زیادبوونی پیاوانە لە زیندانەکان ، لە 60 % ئەو ئافرەتانەی ئەمڕۆ لە زیندانەکانی ئەمریکان دایکی 1.3 ملیۆن منداڵن کە ئەم منداڵانە لە خوارەوەی تەمەنی 12دان .ئەگەر وولاتێك ئەمە میتۆدە مرۆیەکانی بێ بۆ هاولاتیان و ئافرەتانی خۆی ، ئەگەر سوپایەك ئەوە کارو کردەوەکانی بێ ، دەبێ بە چ پێودانگێکی زانستی تا ئەمڕۆش سەرۆکی ئەم وولاتە بە ڕزگارییەخش بزانین !


**<u>سەرچاوەکان</u>**

1- نامەی هەردوو سەرۆکی کورد بۆسەرۆکی ئەمریکا ، 1 حوزەیرانی 2004
www.kurdnet.net

2-نامەی مەهاباد قەرەداغی بۆ جۆرج بۆش ، سایتی کوردستانپۆست.

3-ڕوون کردنەوەی مەهاباد قەرەداغی بۆڕای گشتی .کوردستان نێت.2006/5/24

4-گۆڤاری TIME
May 17,2004/vol.163,no.20- pages 14-22

5-گۆڤاری NEW POLTICS
VOL X NO 4 .Winter 2006.pages 32-35